

# هەشتی مارس ڕۆژی سەرهەڵدان

ئاسۆ بیارەیی
سوێد 2007-3-9
assobyari@yahoo.com

ئەگەر گەلی کورستان بەگشتی بە هۆی چەوسانەوەی نەتەوایەتی لە مافەکانی بێبەری بیت، ئەوا ژنان و کچانی کورد، بەرەو ڕوی دژاورترین چەوسانەوە دەبن، مۆڵتی چەوسانەوە( چەوسانەوەی نەتەوایەتی، ئاینی، سیکسی، کۆمەڵایەتی، ئابوری و سیاسی). ئەگەر چەوسانەوەی نەتەوایەتی لەو تێکەڵەیە دەربکەین و تەنها چەوسانەوەکانی تر بژمێرین، دەردەکەوێت کە مێینەی کورد چەند لە لایەن کۆمەڵگەکەی خۆیەوە بە چاوێکی نزم و بێ دەسەڵاتەوە سەیر دەکرێت، هەرچەندە ڕێژەی ئەرکەکانی لە گەڵ مافەکانی بەراورد ناکرێن.



بەهۆی پەروەردەی لار و ئیفلیجی کۆمەڵایەتییەوە(سۆسیالیزاشۆن)، مێینە هەر لە منداڵیەوە بە ژێر دەستەی پیاو دەناسرێت و دەبێت و ناچارە ئەو ڕۆڵە ژێردەسیتیە کە بۆی دانراوە هەڵبژێرێت. لە بەرامبەر ئەودا پیاو سەردار و باڵا دەستە و جڵەوی هێزەکانی کۆمەڵگەی لە دەستدایە. لەروی ئاینیشەوە، هەمان ڕۆڵ دەسەپێنرێت بە سەر مێینەدا و زۆربەی دەسەلاتەکانی لێ زەوت دەکرێت و پیاو دەبێتە سەرپەرشتکاری.
کچان و ژنان لە بەر ئەوەی بێ دەسەڵاتن و مافیان کەمە، ئەو ڕوڵە ڕووتە(ژێر دەستی) لە پێوەندی سیکسیشدا ڕەنگ دەداتەوە و دیسان ژنان و کچان دەبنە سەرچاوەیەک بۆ تێرکردنی ئارەزووە لەبن نەهاتووەکانی پیاو بە شێوەیەکی گشتی لە زۆربە کۆمەڵگەکانی دونیادا.
لە باری ئابورییەوە، هەرچەند(مێینە) ئەگەرچی لە پیاو زۆرتر ئەرکە ئابوریەکان بەجێ دێنێت و بەرهەمهێنەرێکی شاراوەیە، بەڵام سەرلەنوێ داهاتەکەی دەچێتە خەزێنەی پیاوە و بێ بەری دەبێت لە قازانجی بەرهەمەکەی. بەپێی ڕاپۆرتی یوئێن لە 66% ئەنجامی گشتی کار لە جهیاندا لە لایەن ژنانەوە ئەنجام دەدەرێت و پیاوان تەنها ڕێژەی لە 34%. لە سەرجەمی داهاتی ئەو کارەدا وەکو موچە تەنها لە 1% بەر ژنان دەکەوێت و لە 99% بۆ پیاوان دەبێت (Wahl, Holgersson, Höök & Linghag,2001) بە موڵک سامانیشەوە

سەرباری ئەو فرە چەوساندەوەیە، ژنان و کچان بواریان پێ نادرێت پۆستە گرنگەکان بگرنە دەست و هەردەم وەکو تەواوکەری پیاو دەژمێردرێن. ئەو ژن و کچانەش کە بەخت شانسی پێداون و بە دەسەڵاتن، دەبێیت یان وەکو پیاو ڕەوشت بنوێنن لە بەڕێوەبردنی دەسەڵاتدا، یان دووچاری گەلەکۆمەی لە لایەن پیاوەوە ببنەوە.

.

ئەگەر ئەنجامی ئەو کورتە بۆچونەی سەرەوە ببستینەوە بە دیاربوونی مێینە لە پۆستە گرنگەکانی نێو پەرلەمانی باشووری کوردستاندا، دیسان بوونی فیزیکی زۆر کەم دیارەو ئەو ڕێژەیەش کە هەیە لە دەسەڵاتی سالارخوازی پیاو دەرناچێت. ئەو ژنانەی کە پۆستیان هەیە بە پەنجەی دەست

دەژمێردرێن. لە شوێنەگشتیەکانی کاریشدا دیسان مێینە لە خوارەوەی پیاوەوەیە، لەو شوێن کارانەی کە مووچەی کەمە و هەندێ پیشە، بۆ نموونە برین پێچی براوەتەوە بۆ ژنان و کچان. لە وولاتێکی وەکو سویدیش کە تا ڕادەیەک نێر مێ یەکسانن، هەندێ بەشی ئیشکردنی کە داهاتی کەمە، دانراوە بۆ ژنان و کچان. لێرەدا تاوانباری سەرەکی پیاوە، چونکە دانانی یاساگەلەکان بە دەست ئەوە و خۆی دایڕشتووە، بە شێوەیەک کە لە سوودی خۆی بێت.

سەرچاوەکان

---

وێنەکە لە هەولێرپۆست وەرگیراوە

http://www.hewlerpost.com/publication/post%20124/1.pdf

ناوەڕۆکی سیمینارێکی بەشی دەروونناسی کۆمەلایەتی- زانکۆی خێڤدە-سوێد، مافەکانی ژنان لە جهیان.

Enlig FN s beräkning i sin rapport 66 % av allt arbetet utförs av kvinnor medan männen står bara för 34 %  av arbetet . Av detta arbete får kvinnor mindre av 1 % av inkomster och män får 99% av samlade förmögenheter(Wahl, Holgersson, Höök & Linghag,2001). Här tydliggörs att män jobbar bara 34 % och de äger 99% av världens förmögenhet vilken betyder att kvinnor är mycket underdominerad av män på grund av deras kön.